# تەقوای خوای گەورە بکەن، وگوێڕایەڵی کاربەدەستی موسوڵمانان بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، وئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی بێت

له عیرباز كوڕی ساریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئامۆژگاریەکی کردین کە دڵەکانی ترساند وچاوەکان فرمێسکیان کرد، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا وەکو ئەوە وابێت ئامۆژگاری کەسێکە ماڵئاوایی بکات بۆیە وەسیەتمان بۆ بکە، ئەویش فەرمووی: «تەقوای خوای گەورە بکەن، وگوێڕایەڵی کاربەدەستی موسوڵمانان بن وفەرمانەکان جێبەجێ بکەن، وئەگەرچیش بەندەیەکی حەبەشی بێت، و لەپاش من ناکۆکی زۆر دەبینن، بۆیە دەستبگرن بە سونەتی من وسونەتی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان، ( بە ئەوپەڕی تواناوە دەست بەسونەتەوە بگرن)، و وریای شتە داهێنراوەکان -بیدعەکان- بن، چونکە هەموو بیدعەیەک گومڕاییە».
[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئامۆژگاریەکی هاوەڵانی کرد کە دڵەکانی ترساند وچاوەکان فرمێسکیان کرد. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا وەکو ئەوە وابێت ئامۆژگاری کەسێکە ماڵئاوایی بکات ؛ چونکە زۆر جەختی دەکردەوە لەسەر شتەکان لەم ئامۆژگاریەدا، وداوای وەسیەتیان لێکرد بۆئەوەی لەپاش ئەو دەستی پێوە بگرن، فەرمووی: وەسیەتتان دەکەم بە تەقوای خوای گەورە -عز وجل-، وئەمیش دێتە دی بە جێبەجێکردنی واجبەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان، وگوێڕایەڵ بوون وجێبەجێکردنی فەرمانەکان ؛ واتا دەرهەق بە کاربەدەستەکان، ئەگەرچیش بەندەیەک ببێتە کاربەدەست یان خۆی بکات بە فەرمانڕەوا، واتا تەنانەت ئەگەر مرۆڤێك کە کەمترین پلەی هەیە لەلای خەڵکی بوو بە فەرمانڕەواتان ؛ ئەوا نابێت خۆتان بەگەورە بزانن لەئاستی ودەبێت گوێڕایەڵی بن، لەترسی نانەوەی فیتنە، وئەوەی بەژیاندا بمێنێت؛ ناکۆکی زۆر دەبینێت، پاشان ڕێبازی ڕزگاربونی ڕوونکردەوە لەم فیتنە وناکۆکیانە، ئەویش بەدەستگرتنە بە سونەت وسونەتی خەلیفە ڕێنموێنیکراوەکان لەپاش ئەو، ئەبوبەکری سدیق، وعومەری کوڕی خەتاب، وعوسمانی کوڕی عەفان، وعەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوایان لێبێت-، وخۆگرتن بە سونەتەوە بە ددانە خرێکان ؛ ئەمیش بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر دەستگرتن بە سونەت بە ئەوپەڕی توانا وجدی ویتەوی وچەسپاویەوە، وئاگاداری کردنەوە لە شتە داهێنراوەکان لەئایندا، چونکە هەموو داهێنراوێك لە ئایندا گومڕاییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65057

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee